حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

## قۆناغی بنەڕەتی- پۆلی چوارەم

## وەرزی یەکەم

لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا

چاپی یەکەم　　١٤٤٥ کۆچی　　٢٠٢٤ زاینی　　٢٧٢٤ کوردی

ناو ____________ قوتابخانه ____________

پۆل ____________ مامۆستا ____________



**هەڵسەنگاندنی زانستی**
د. ابراهیم قادر محمد
د. مصطفی محمد کریم
د. ئازاد عزیز سلێمان

**هەڵسەنگاندنی دەرونزانی**
یوسف عثمان حمد

**سەرپەرشتیی زانستیی چاپ**
چیمەن کریم حمە أمین
ناهدە رحمان ابراهیم

**نیگارەکانی بەرگ و ناوەڕۆک**
محمد صدیق نامق

**سەرپەرشتیی هونەریی چاپ**
رەوەند سعید صابر

**نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک**
رەوەند سعید صابر

**تایپێست**
کاژین احمد حسن

# پێشەکی

قوتابییانی ئازیز، مامۆستایانی بەڕێز، زمان هۆیەکە بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ لە یەکتر گەیشتن و ئەنجامدانی کارەکانی ڕۆژانە. ئەم کتێبە بەپێی بنەما زانستیی و پەروەردەییە هاوچەرخەکانی خوێندنی زمانی دایك لەم سەردەمەدا دانراوە کە لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششێکی زۆر لە پسپۆڕانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بووە.

گرنگیدان بە زمانی کوردی (زمانی دایك) یەکێکە لە کارە پێشینەییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە. دانانی پڕۆگرامی تایبەت بە خوێندنی (زمانی دایك) گرنگیدانە بە (مێژو، کلتور، ڕۆشنبیری، نەتەوە و نیشتیمان)ی کوردی. پڕۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی وەك هەر پڕۆگرامێکی تری زانستی بەردەوام پێویستی بە گۆڕین و پێداچونەوەی زانستیی و هونەری هەیە، بۆ ئەوەی شانبەشانی پێشکەوتنەکانی ژیان و کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە بچێ. لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵدراوە ئەم کتێبە بە زانست و زانیارییە پێشکەوتنەکانی ژیان، بابەتەکانی بە نوێترین زانیارییەکانی سەردەم دیزاینبکرێ و دابڕێژرێتەوە.

لەم پڕۆگرامە نوێیەی خوێندنی زمانی کوردی، لەپاڵ فێربوون و فێرکردندا بایەخی زۆر بە بنیادنانی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو و سەربەخۆ و متمانە بەخۆبوونی قوتابی دراوە، تاکو لە ئایندەدا سودی لێ وەربگرێ بۆ ژیانی ڕۆژانەی و کۆمەڵگەکەی. هەروەها هەوڵدراوە بابەتەکان و چالاکییەکانی بەشێوەیەکی سادە و ئاسان بگەیەنرێتە قوتابی، بە جۆرێك مامۆستا ئاڕاستەکار و ڕێنماییکارە و قوتابی چەقی پڕۆسەی فێربوونە، بە وردی کار بۆ جێبەجێکردنی هەرچوار کارامەییەکانی زمان (بیستن، ئاخاوتن، خوێندنەوە و نوسین) کراوە و زانیاری و بەها کۆمەڵایەتی و چالاکییەکان بەشێوەیەك دراونەتە قوتابی کە ئارەزو و پاڵنەری خۆشەویستی بۆ بابەتەکە لا دروست ببێ.

(قوتابییان، مامۆستایان، دایبابان)ی بەڕێز، بێگومان هەرکارێك گەر تازە و هاوچەرخیش بێ، بەبێ هەڵە و کەموکوڕی نابێت، بۆیە داوا لە دڵسۆزان و پسپۆڕانی زمانی کوردی دەکەین بە تێبینی و سەرنجە (زمانەوانی، زانستی، هونەرییەکانیان) کتێبەکە پوختەتر و جوانتربکەن.

**لیژنەی دانانی پڕۆگرام/ ٢٠٢٤**

# نەخشەی دانانی کتێبی خوێندنی کوردی
# پۆلی چوارەمی بنەڕەتی

## وەرزی یەکەم

| بابەتەکان | چالاکییەکان | ئامانج |
| --- | --- | --- |
| زەنگ<br>(شیعر) | خوێندنەوەو ڕاڤەکردن | - فێری خۆشەویستی قوتابخانە دەبێت.<br>- گرنگی بەخوێندن دەدات.<br>- شیعر و شاعیر دەناسێت. |
| **یەکەی یەکەم** | **نیشتیمان** | |
| خۆشەویستی نیشتیمان | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆدەکەین- وشەکان وەك نمونەی سەرەوە لێدەکەم- دژواتاکان- ڕاست و چەوت- ڕێنوس- جواننوسی. | - ژینگە پارێز دەبێت.<br>- نیشتیمانی خۆشدەوێت.<br>- ژینگە سەوز ڕادەگرێت.<br>- فێری پاراستنی خاك و نیشتیمان دەبێت. |
| زمانی کوردی (شیعر) | خوێندنەوە- ڕاڤەکردن- لەبەرکردن- هاوواتای وشەکان- نیوەدێڕەکان ڕێکدەخەم- نیوەدێڕەکەی تر دەنوسمەوە. | - سروشتی کوردستان دەناسێت.<br>- فێری پاراستنی وڵات دەبێت.<br>- شیعر و شاعیر دەناسێت. |
| وێنەیەك لە سروشت | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆدەکەین- وشەکان دەردەهێنم و ژمارەیان دەنوسم- یاریی وشە- وەڵامی ڕاست هەڵدەبژێرم- ڕێنوس- جواننوسی- داڕشتن. | - گرنگی بە وێنەکێشان دەدات.<br>- کەلوپەل و پێداویستییەکان دەپارێزێت.<br>- شانازی بە ئاڵای نیشتیمان دەکات. |
| من نیشتیمانی ئێوەم | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆدەکەین- ئەمانە لەژێر وێنەکە دادەنێم - وەڵامی ڕاست بەیەکدەگەیەنم- وشەکان - دژواتاکان- -ڕێنوس- جواننوسی. | - شوێنەوارەکانی کوردستان دەناسێت.<br>- فێری پێکەوە ژیان دەبێت لە کوردستان.<br>- وەسفی سروشتی کوردستان دەکات. |

# یەکەی دووەم
## تەندروستی

| بابەتەکان | چالاکییەکان | ئامانج |
|---|---|---|
| کوتان | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆدەکەین- وشەکان وەك نمونەی سەرەوە لێدەکەم- ئەم ڕستانە ڕێکدەخەم- وتەکان بە خاوەنەکانیان دەگەیەنم- ڕێنوس- جواننوسی- دارشتن. | - فێری پاراستنی تەندروستی دەبێت.<br>- کوتان دژی نەخۆشییەکان جێبەجێدەکات.<br>- پابەند دەبێت بە ڕێنماییەکانی تەندروستی. |
| تیشکی خۆر (شیعر) | خوێندنەوە- ڕاڤەکردن- لەبەرکردن- هاوواتای وشەکان- ڕستەکان ڕێکدەخەم- نیوەدێڕەکەی تر دەنوسم. | - گرنگی تیشکی خۆر دەزانێت.<br>- ئاشنا دەبێت بەسودەکانی خۆر.<br>- شیعر و شاعیر دەناسێت. |
| پاکوخاوێنی | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆدەکەین- ئەمانە لە شوێنی گونجاو دادەنێم- دژواتاکان- وەڵامی ڕاست هەڵدەبژێرم- دەستەواژە دروستەکان بەیەکدەگەیەنم- ڕێنوس- جواننوسی. | - گرنگی بە پاکوخاوێنی دەدات.<br>- دورکەوتنەوە لە خواردنی سەر دانەپۆشراو.<br>- فێری شوشتنی دەم و چاو دەبێت. |
| وانەی وەرزش | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆدەکەین- هێمای گونجاو بۆ ئەمانە دادەنێم- دژواتاکان - پیتەکان بە گوێرەی ژمارەکان دادەنێم- لە خشتەکەدا پێنج وشە دەدۆزمەوە- ڕێنوس- جواننوسی. | - گرنگی وانەی وەرزشی دەزانێت.<br>- سودەکانی وەرزشی فێردەبێت.<br>بڕیاردەدات جەستەیەکی تەندروست و بەهێزی هەبێت. |

## یەکەی سێیەم
## چیرۆك

| بابەتەکان | چالاکییەکان | ئامانج |
|---|---|---|
| دووهاوڕێ | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆدەکەین- وشەکان وەك نمونەی سەرەوە لێدەکەم - دژ واتاکان- وەڵامی ڕاست هەڵدەبژێرم- ڕستە گونجاوەکان بەیەکدەگەیەنم- ڕێنوس- جواننوسی. | - فێری ڕێزگرتن دەبێت.<br>- یارمەتی یەکتر لەکاتی تەنگانەدا.<br>- مانای هاوڕێیەتی فێردەبێت. |
| وتەی درەخت (ئۆپەرێت) | خوێندنەوە- ڕاڤەکردن- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆدەکەین- نیوە دێڕەکەی تر دەنوسم. | - هەڵدەستێ بە چاندنی درەخت.<br>- گرنگی درەخت بۆ ژیان دەزانێت.<br>- شیعروشاعیر دەناسێت. |
| لێبوردن | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆدەکەین- وشەکان وەك نمونەی سەرەوە لێدەکەم- وشەکان لە خشتەکە دەدۆزمەوە- لەمانە ڕستە دروست دەکەم- ڕێنوس- جواننوسی- دارشتن. | - فێری لێبوردەیی دەبێت.<br>- وانەکانی دواناخات.<br>- ئەرك لە کاتی خۆی ئەنجامدەدات. |
| مراوییە گەورەکە | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆدەکەین- وشەکان وەك نمونەی سەرەوە لێدەکەم- دژواتاکان- بۆهەریەك لەم پیتانە سێ وشە دروستدەکەم- ڕێنوس- جواننوسی. | - هۆشیاری لە خواردن هەیە.<br>- ئامۆژگارییەکان جێبەجێ دەکات.<br>- هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە ئامانج. |
| ناوەڕۆک | | |



## زەنـــگ

له دورەوە ، گوێم لێیە
زەنگێک هەواڵی پێیە

زەنگی دەسپێکی خوێندن
موژدەیەک بۆ سەرکەوتن

تاله پۆلدا وەک هەنگ بین
گوێ ڕایەڵ و پێشەنگ بین

مامۆستا وەک زانایەک
خۆی ئەکاتە چرایەک

ڕاڤەکردن و پرسیار
پۆلمان دەکاتە گوڵزار

ئەبێ هەموو بەشداربین
بێ ئەوەی لێی بێزاربین

هیچ نامێنێ تێبینەگەین
تاشەن و کەو ئەکەین

بۆیە هەردەم دڵخۆشین
لەو کانییە دەنۆشین

(د.مستەفا زەنگەنە)

---

شـاعیر نـاوی/ د.مصطفـی محمـد کریـم زەنگەنـە سـاڵی (١٩٤٧ز) لـە کەرکـوک لـە دایکبـووە، خاوەنـی چەندیـن بڵاوکـراوەوە و کتێبـی چاپکـراوە.

یەکەی یەکەم

# نیشتیمان

یەکەم: خۆشەویستی نیشتیمان

دووەم: زمانی کوردی (شیعر)

سێیەم: وێنەیەک لە سروشت

چوارەم: من نیشتیمانی ئێوەم

# خۆشەویستی نیشتیمان

دیاکۆ قوتابییەکی ژیربوو، لەپۆلی چوارەم دەیخوێند، زۆر حەزی بە بینینی دار و سەوزایی دەکرد، ڕۆژانە گوڵەکانی ئاودەدا، ناو باخەکەی لە خۆڵ و خاشاک پاکدەکردەوە و هەمیشە دەیگوت: باخچە و سەوزایی ژینگە خاوێندەکاتەوە.

دیاکۆ ڕۆژێک لە قوتابخانە گەڕایەوە و بە دایبابی گوت: مامۆستا پێیگوتین نیشتیمان ئەو پارچە زەویەیە کە لەسەری دەژین و پێویستە بیپارێزین و خۆشمانبووێ، بەڵام دەبێت بەکردەوە بیسەلمێنین کە نیشتیمانمان خۆشدەوێ.

باوکی بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: ئەی ئەوە نییە تۆ ڕۆژانە هەوڵدەدەیت باخچەیماڵەکەمان



سـەوز و جوانبێـت و لـە هەمـوو شـوێنێک گرنگـی بـە ژینگـە دەدەیـت، کەواتـە تـۆ نیشـتیمانت خۆشـدەوێ، چونکـە تـۆ ژینگەکـەت و باخچـە و دار و سـەوزایت خۆشـدەوێ.



دایکـی گوتـی: دیاکـۆ گیـان تـۆ دەتوانیـت بـە گرنگیـدان بـە وانەکانــت و ســەرکەوتن لــە خوێنــدن ببیتــە کەســێکی دڵســۆز و لــە دوارۆژدا خزمــەت بــە خــاک و نیشــتیمان بکـەی.

دیاکـۆ بـە وتەکانـی دایبابـی زۆر دڵخۆشـبوو، چونکــە تێگەیشــت خۆشەویســتی نیشــتیمان بــە واتــای پاکڕاگرتنــی ســەرجەم شــوێنە گشــتی و تایبەتییــەکان و خۆشەویســتی بــۆ هاوڕێکانــت و خزمەتکــردن و پاراســتنی خــاک و نیشــتیمان دێــت.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(بایەخ، شاد، بزە ، پاشەڕۆژ، زرنگ)

ژیر :

گرنگ :

زەردەخەنە :

دڵخۆش :

دوارۆژ :

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین :

١- دیاکۆ ئارەزوی بینینی چیدەکرد؟

٢- مامۆستا چۆن باسی نیشتیمانی کرد؟

٣- باوکی بۆچی بە دیاکۆی گوت تۆ

نیشتیمانت خۆشدەوێت؟

٤- دایکی گوتی بە سەرکەوتن لە

خوێندن دەبیتە کەسێکی چۆن؟

٥- خۆشەویستی نیشتیمان بە واتای

چی دێت؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

جوتیار : جوتیارەکە

ئەم وشانەی خوارەوە وەک نمونەی سەرەوە لێدەکەم:

گوڵ:

باخ:

دار:

ئاو:

ماڵ:

## چالاکی (٤)

دژ واتاکان :

ڕۆژ X

پاک X

جوان X

دڵخۆش X

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) بەرامبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دادەنێم:

١- دیاکۆ قوتابییەکی ژیربوو لە پۆلی پێنجەم دەیخوێند.

٢- ڕۆژانە گوڵەکانی ئاو دەدا، ناو باخەکەی لە خۆڵ و خاشاک پاکدەکردەوە.

٣- دایکی گوتی: بە هەوڵدان و گرنگیدان بە وانەکانت دەبێتە کەسێکی دڵسۆز.

٤- دەبێت بە کردەوە بیسەلمێنین، کە نیشتیمانمان خۆش دەوێت.

٥- دیاکۆ بە وتەکانی دایبابی دڵخۆش نەبوو.

## چالاکی (٦)

ڕێنوس:

دایکی گوتی: دیاکۆ گیان تۆ دەتوانیت بە گرنگیدان بە وانەکانت و سەرکەوتن لە خوێندن ببیتە کەسێکی دڵسۆز و لە دوا ڕۆژدا خزمەت بە خاک و نیشتیمان بکەی.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

جوانونوسی :

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بەجوانی دەنوسمەوە:

١-پێیگوتین نیشتیمان ئەو پارچە زەویەیە، کە لە سەری دەژین و پێویستە بیپارێزین و خۆشمانبووێ.

..........................................................................................

..........................................................................................

٢-من ژینگەکەم و باخچە و دار و سەوزایم خۆشدەوێ.

..........................................................................................

..........................................................................................

## زمانی کوردی

کوردم، کوردم، کوردزمانم
خۆشم دەوێ کوردستانم
کوردیی زمانی باپیرانم
مایەی سەربەرزی ژیانم
کوردستانم یەکپارچەیە
گیانم فیدای ئەم خاکەیە
زمانی کوردی شیرینە
فەرهەنگی وشەی ببینە
وشەی پرواتا و جوانە
ڕێزمانی ڕێک و ڕەوانە
بۆکوێ بچم پێناسەمە
لێی لانادەم، تامن هەمە
زازا، کەڵهوڕ، بادینانی
لەگەڵ هەورامی و سۆرانی
گشتمان براین، یەک زمانین
خاوەن خاکی کوردستانین

شاعیر ناوی (ڕزگار خدر مستەفا)یە، لەساڵی(١٩٦٤ز) لە سلێمانی لە دایکبووە، خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبی منداڵانە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(خودان، پوخت، شکۆمەندی، ناسنامە)

سەربەرزی :

ڕەوان :

پێناسە:

خاوەن:

## چالاکی (٢)

نیوە دێڕەکان ڕێکدەخەمەوە و دەنوسمەوە:

١- یەکپارچەیە کوردستانم.

٢- شیرینە کوردی زمانی.

٣- پڕواتا و جوانە وشەی.

٤- هەورامی و سۆرانی لەگەڵ.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

نیوە دێڕەکەی تر دەنوسم:

کوردم، کوردم، کوردزمانم

..........................................................................................


..........................................................................................

فەرهەنگی وشەی ببینە

گشتمان براین، یەک زمانین

..........................................................................................

# چالاکی هزری



# وێنەیەک لە سروشت

سیما قوتابییەکی زیرەک و بەهرەمەندبوو، کاتێک گەیشتە پۆلی چوار، هەموو پێداویستییەکانی وێنەکێشانی ئامادەکردبوو، هەروەها چەندین پێنوسی ڕەنگاوڕەنگی پۆلی سێیەمی مابوون، لەبەرئەوەی هەمیشە پارێزگاری لە کەلوپەل و پێداویستییەکانی قوتابخانەی دەکرد، ڕۆژێک سیما لە وانەی هونەردا پێنوسە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەرهێنا و کاغەزێکی سپی لەسەر مێزی وێنەکێشانەکە دانا، بە ڕەنگی زەرد وێنەی خۆرێکی  پرشنگداری کێشا. خۆرەکە گوتی: سیما وێنەی زنجیرە چیایەک لەبەردەممدا بکێشە تا جوانتر دەربکەوم، ئەویش وێنەکەی کێشا، زنجیرە چیایەکەش کەوتە قسەکردن، گوتی: بە ئەرک نەبێ دەتوانیت ئاسمانێکی شینی جوانیش لەسەرمەوە بکێشی، تا بەرزی لوتکەکانم دەربکەون؟



سـیما گوتـی: بەڵـێ بەسـەرچاو، دوای ئـەوە ئاسـمانی شـینیش هاتـە گـۆ گوتـی: وێنـەی هەندێـک باڵنـدە بکێشـە، تـا ڕازاوەتـر دەربکـەوم.

باڵندەکان گوتیان: وێنەی هەندێک درەختی سەوز بکێشە، تا بیانکەینە هێلانە.

درەختەکانیـش گوتیـان: ڕوبارێکـی شـینی کاڵ لەبەردەممانـدا بنەخشـێنە تـا ڕەگەکانمـان ئـاوی لێبخۆنـەوە و ئۆکسـجینیش بـۆ ئێـوە بەرهـەم بهێنیـن.

لـەو کاتـەدا ڕوبارەکـە گوتـی: دەزانـم ماندوبوویـت، بـەڵام بـۆ ئـەوەی کارەکـەت جوانـتر بێـت، پێویسـتە پردێکـی خنجیلانـە بـۆ پەڕینـەوە دروسـتبکەیت، ئەویـش دروسـتیکرد.

گوتـی: ئێسـتا تەواوبـووم، لەنـاکاودا ماسـییەک لـە ڕوبارەکـەوە سـەری دەرهێنـا و هـاواری کـرد: سـیما...! سـیما! ئایـا ئـەم نیشـتیمانە بـێ ئاڵایـە؟ سـیما وەڵامی دایـەوە، ڕاسـتدەکەی، خێـرا وێنەیەکـی گـەورەی ئـاڵای کوردسـتانی لەسـەر لوتکـەی چیایەکـە نەخشـاند.

گوتـی: ئێسـتا وێنەکـە زۆر تـەواوە، لەوکاتـەدا (خـۆر، چیـا، ئاسـمان، باڵنـدە، درەخـت، ڕوبـار و پـرد و ماسـی) هاواریـان کـرد: ئـەم نیشـتیمان و ئاڵایـە زۆر جوانـن.

چیـای سـەرکەش گوتـی: هیواخـوازم ئـەم ئـاڵا و نیشـتیمانە جوانـە هەمیشـە ئـاوەدان و پارێزراوبـن.

ئـاڵا گوتـی: کـورد ڕەگـی لەگـەڵ چیادایـە، هێـزی کۆتایـی نایـە، بـەم وتـە جوانـە هەمـوو پێکـەوە کردیانـە چەپڵەڕێزان.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(بچکۆلانە، جوانکراو، خۆشەویست، نیگار، بەهرەدار)

تابلۆ :

ڕازاوە :

ئازیز :

بەهرەمەند :

خنجیلانە :

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین:

١. خۆرەکە چی بە سیما گوت؟

٢. باڵندەکان چییان گوت؟

٣. لەناکاو چی لەڕوبارەکە دەرکەوت؟

٤. کێ گوتی نیشتیمان بێ ئاڵا نابێ؟

٥. ئەو وتە جوانە چیبوو وایکرد، کە

هەموو پێکەوە بیکەنە چەپڵەڕێزان؟

# چالاكی و ڕاهێنان

## چالاكی (٣)

وشەكان دەردەهێنم و ژمارەیان دەنوسم:

| ڕستە | وشە | ژمارەی وشە |
| --- | --- | --- |
| سیما وێنەكەی كێشا. | سیما، وێنەكەی، كێشا | ٣ |

ئەم ڕستانەی خوارەوە وەك نمونەی سەرەوە لێدەكەم.


| ڕستە | وشە | ژمارەی وشە |
| --- | --- | --- |
| ١- بەرزی لوتكەكانم دەربكەون. | | |
| ٢- پردێكی خنجیلانە بۆ پەڕینەوە دروستبكە. | | |
| ٣- ئێستا وێنەكە تەواوە. | | |
| ٤- ئاڵاكە هەمیشە پارێزراو بێت. | | |

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٤)

یاریی وشە

پیتەکان لە شوێنی خۆی دادەنێم:












# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

وەڵامی ڕاست هەڵدەبژێرم:

١-سیما قوتابییەکی................بوو.

(باش، لاواز، زیرەک، زۆرباش)

٢- پێنوسی ڕەنگاوڕەنگی پۆلی...........ی مابوو.

(سێیەم، یەکەم، دووەم، چوارەم)

٣- ڕوبارێکی.......... ی کاڵ لەبەردەمماندا بکێشە.

(سور، شین، سەوز، زەرد)

٤-........... لە ڕوبارەکەوە سەری دەرهێنا.

(بۆقێک، کیسەڵێک، نەهەنگێک، ماسییەک)

٥- کورد ڕەگی لەگەڵ.............دایە.

(دۆڵ، چیا، گرد، دەشت)

## چالاکی ( ٦ )

ڕێنوس:

سیما پێداویستییەکانی وێنەکێشانی

ئامادەکردبوو، هەمیشە پارێزگاری لە

کەلوپەلەکانی قوتابخانەکەی دەکرد.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

جوانووسی:

ئەم ڕستانە دوو جار بە جوانی دەنووسەوە:

١- کورد ڕەگی لەگەڵ چیادایە.

.....................................................................................................

.....................................................................................................

٢- ئەم نیشتیمان و ئاڵایە زۆر جوانن.

.....................................................................................................

.....................................................................................................



# سروشت

## چالاکی (٨)

دارِشـــتن:

لەسەر ئەم وێنەیە دارِشتنێک دەنوسم:

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

# من نیشتیمانی ئێوەم

من ناوم نیشتیمانە، ئەو زەوییەم کە ئێوەم لە ئامێز گرتووە و پێم دەڵێن (هەرێمی کوردستان)، ئاڵای تایبەت بە خۆمم هەیە و (ئەی ڕەقیب) سرودی نیشتیمانیمە، لە چەند شارێکی گەورە و ژمارەیەکی زۆر شارۆچکە و گوندی جوان و دڵڕفێن پێکهاتووم، ئاووهەوایەکی سازگارم هەیە، خاوەنی هەر چوار وەرزەکەی ساڵم، بە چەند زنجیرە شاخێکی بڵند و سەرکەش دەورەدراوم، دەشتەکانم بۆ کشتوکاڵ زۆر بە پیتن، ساڵانە بڕێکی زۆر گەنم و جۆ و دانەوێڵەیان لێ بەرهەمدەهێنرێ. خاوەنی چەندین ناوچەی گەشتیاریم.

ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری دێرینم هەیە، لەوانە: (قەڵاومنارە لە شاری هەولێر، ئەشکەوتی هەزارمێرد لەسلێمانی، پردی دەلال لە زاخۆ، قەڵای شێروانە لە کەلار،



پەرستگای لالش لە شنگال، پردی ئەڵوەند لە خانەقین، گردی شمشارە لە ڕانیە).

قوتابییانی ئازیز، بۆ من شانازییەکی گەورەیە کە ئێوەی کورد، جێگای متمانە و دڵنیایین بۆ ئەو نەتەوانەی کە لێرە پێکەوەدەژین.

منی نیشتیمان، ئەگەر ئێوە بە باشی سروشتەکەم بپارێزن، کانی و ئاوم، کێڵگە و باخم، شوێنەواری دێرینم، هەمیشە بە پاک و خاوێنی ڕابگرن. من زۆر دڵخۆشدەبم و شانازیتان پێوە دەکەم، چونکە بە ئاشتی، پێکەوە ژیان و ئاوەدانی، گەشەدەکەم و پتر خۆشبەختتان دەکەم، وەک چۆن من ئێوەم خۆشدەوێت، ئێوەش بە پاکی بمهێڵنەوە و پارێزگاریم لێبکەن.



# چالاكی و ڕاهێنان

## چالاكی (١)

هاوواتاكان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(كەمێک، ئاسەوار، باوەش، سەربڵند،

بڕوا پێبوون)

ئامێز:

متمانە :

شوێنەوار :

بڕ:

سەركەش:

## چالاكی (٢)

گفتوگۆدەكەین :

١- نیشتیمانی ئێمە ناوی چییە؟

٢- ناوی سرودی نیشتیمانیمان چییە؟

٣- ناوی (٣) شوێنەواری دێرینی

كوردستان بنوسە؟

٤- ئەو بەرهەمە كشتوكاڵیانە چین كە لە

كوردستان بەرهەمدێن؟

٥- بەچ ڕێگایەک نیشتیمانەكەمان

بپارێزین؟ چۆن بە ئاوەدانی بمێنێتەوە؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

ئەمانە لەژێر وێنەکەدا لە شوێنی گونجاو دادەنێم:
(من، ئێوە، ئەو، ئەوان، تۆ، ئێمە)








# چالاكی و ڕاهێنان

## چالاكی (٤)

وەڵامی ڕاست بەیەكدەگەیەنم:

| | |
|---|---|
| قەڵاومنارە | ڕانیە |
| ئەشكەوتی هەزارمێرد | كەلار |
| پردی دەلال | هەولێر |
| قەڵای شێروانە | زاخۆ |
| گردی شمشارە | سلێمانی |

## چالاكی (٥)

دژ واتاكان:

- بەهێز ×
- گەورە ×
- سپی ×
- بەرز ×
- درێژ ×

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی ( ٦ )

ڕێنوس:

قوتابییانی ئازیز، بۆ من شانازییەکی گەورەیە کە ئێوەی کورد، جێگای متمانە و دڵنیایین

بۆ ئەو نەتەوانەی کە پێکەوە دەژین.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی ( ٧ )

جوانووسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسمەوە:

١- من ناوم نیشتیمانە، ئەو زەوییەم، کە ئێوەم لەئامێز گرتووە.

........................................................................................................

........................................................................................................

٢-ئاڵای تایبەت بەخۆم هەیە و ئەی ڕەقیب سرودی نیشتیمانیمە.

........................................................................................................

........................................................................................................

## یەکەی دووەم

# تەندروستی

یەکەم: کوتان

دووەم: تیشکی خۆر(شیعر)

سێیەم: پاکوخاوێنی

چوارەم: وانەی وەرزش



## کــوتــان

بـۆ ڕێگەگرتــن لــە بڵاوبوونــەوەی نەخۆشــییە درمــەکان، کوتانــی منــداڵان کارێکــی پێویســتە. بــە مەبەســتی کوتانــی منداڵــەکان پەرســتارەکان گەیشــتنە گەڕەکــەکان هەریەکەیــان ســندوقێکی داودەرمانیــان بەدەســتەوە بــوو، لەگــەڵ دەرکەوتنیانــدا ڕامیــار خــۆی لێشــاردنەوە، ئــاکار و تــریێ و بنــار هەریەکەیــان لــە پێــش ماڵــی خۆیانــدا وەســتان، تــا پەرســتارەکان گەیشــتنە لایــان.

پەرســتاری یەکــەم ناوەکانیانــی نوســی پەرســتاری دووەم قۆڵیانــی هەڵماڵــی و هەریەکــە و دەرزییەکــی لێــدان، هەســتیان بــە هیــچ ئازارێــک نەکــرد، تەماشــای یەکتریــان کــرد و دەســتیان کــرد بــە پێکەنیــن، ڕامیاریــش لــە دورەوە چاودێریــی دەکــردن، تــا پەرســتارەکان ڕۆیشــتن، دواتــر هــات بــۆ لای هاورێکانــی بــە پێکەنینــەوە پێیگوتــن: مــن خــۆم دەربازکــرد، ئــەی بۆچــی ئێــوە خۆتــان نەشــاردەوە؟ خۆتــان توشــی ئــەو ئــازارە کــرد؟

ئاکار: ئازاری چی من هەر هەستم پێنەکرد.

تــرێ: ئــەی نازانیــت ئــەو دەرزییــە بەرگــری لــەش زیــاددەکات و لــە نەخۆشــی



دەمانپارێزێت.

بنـــار: ئــەوان بەبــێ بەرامبــەر بــۆ ســەلامەتی گیانـــی ئێمــە هاتــوون، ئەهــا کــۆڵان بــە کــۆڵان دەگەڕێــن بــۆ ئــەوەی منــداڵان لــە نەخۆشــی بپارێــزن، تــۆ دەبێــت پێشــوازییان لێبکەیــت و سوپاســیان بکەیــت، کەچــی خــۆت دەشــاریتەوە!

ئــاکار: ڕامیــار خــۆت زەرەرمەنــد دەبیــت، نــەک ئــەوان، ئێســتاش دەتوانیــت، تــا دورنەکەوتونەتــەوە، بــڕۆ دەرزییەکــەت لێبــدە و داوای لێبوردنیشــیان لێبکــە.

ڕامیــار: بەپەلــە ڕایکــرد، لــە کۆتایــی کۆڵانەکــە پێیــان گەیشــت. بــە دەرزییەکــە کوتایــان و پەنجەیــان مۆرکــرد.

ڕامیــار: سوپاســیکردن و ئەوانیــش ئافەرینیــان کــرد، دوای ئــەوەی گەڕایــەوە نێــو هاوڕێکانــی لــە پەنجــەی هەموویانــی ڕوانــی، هەمــوو مۆرکرابــوون، ئەویــش پەنجــەی خــۆی پیشــاندان و سوپاســیکردن.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(سەیریکرد، پێکوتە، زیانلێکەوتوو،گەمە، برینپێچ)

کوتان:

پەرستار:

یاری:

ڕوانی:

زەرەرمەند:

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین :

١- پەرستارەکان بۆچی هاتبوون؟

٢- منداڵەکان هەستیان بەچییکرد؟

٣- ڕامیار دوای ئامۆژگاری هاوڕێکانی هەڵوێستی چیبوو؟

٤- پەرستارەکان چیان بە ڕامیار گوت؟

٥- کوتان دژی نەخۆشی، چ سودێک بە لەشی مرۆڤ دەگەیەنێت؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

قوتابخانەکە قوتابخانەکان

ئەم وشانە وەک نمونەی سەرەوە لێدەکەم:

مندالّەکە .............

پەرستارەکە ..............

کۆڵانەکە .............

ماڵەکە ............

دەرمانەکە .............

## چالاکی (٤)

ئەم ڕستانە ڕێکدەخەمەوە:

١- نەخۆشییە درمەکان، بۆ ڕێگەگرتن، لە بڵاوبوونەوەی.

٢- گەیشتنە، پەرستارەکان، کۆڵانەکە.

٣- دەرزییە، ئەو، لەش، دەکات، بەرگری، زیاد.

٤- دەرکردن، لە، دورەوە، ڕامیار، چاودێری.

٥- تۆ، سوپاسیان، و ، بکەیت، دەبێت،

پێشوازییان، لێبکەیت.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

وتەکان بە خاوەنەکانیان دەگەیەنم:

| | |
|---|---|
| ئاکار: | ئەوان بەبێ بەرامبەر بۆ سەلامەتی گیانی ئێمە هاتوون. |
| ترێ: | من خۆم دەرباز کرد، ئەی بۆچی ئێوە خۆتان نەشاردەوە. |
| ڕامیار: | ئازاری چی من هەر هەستم پێنەکرد. |
| بنار: | ئەی نازانیت ئەو دەرزییە بەرگری لەشت زیاد دەکات. |

## چالاکی (٦)

ڕێنوس:

ئەوان بەبێ بەرامبەر بۆ سەلامەتی گیانی ئێمە هاتوون، ئەمها کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕێن، بۆ ئەوەی

منداڵان لە نەخۆشی بپارێزن.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

جوانئووسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنووسمەوە:

١- کوتانی منداڵان کارێکی پێویستە.

.......................................................................................

.......................................................................................

٢- لە پەنجەی هەموویانی ڕوانی مۆرکرابوون.

.......................................................................................

.......................................................................................



## چالاکی (٨)

## کەرەوز

داڕشـــتن:

ئەم ڕستانە ڕێکدەخەم و داڕشتنێک بەناونیشانی (کەرەوز) دەنوسم:

١- دەوڵەمەندە بە کۆمەڵێک ڤیتامین و کانزاکان.

٢- کەرەوز سەوزەیەکی بەسود و بەتامە.

٣- سودی زۆری بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە.

٤- لەگەڵ ژەمەکاندا دەخورێت.

٥- دەبێت بە جوانی بشۆردرێتەوە.


..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................



# تیشکی خۆر

سودی زۆرە تیشکی خۆر

دەبەخشێتن وزەی زۆر زۆر

سەرچاوەی ڕوناکییە

پێکهاتەی خۆراکییە

هەرچی هەیە زیندەوەر

لە مرۆڤ و بوونەوەر

لە وشکانی و لەناو ئاو

هیچیان ناژین بێ هەتاو

چەند هەسارەی جۆرا و جۆر

کەوتوونە کۆمەڵەی خۆر

مانگ و ئەستێرەی ئاسمان

درەوشاوەن لە سەرمان

هەمووی بەهۆی تیشکی خۆر

سود وەردەگرن هەمە جۆر

**(بەختیار کەڵهوڕی)**

شاعیرناوی (بەختیار حەمەد کەڵهوڕی)یە، لە ساڵی (١٩٨٤ز) لە هەولێر لە دایکبووە، خاوەنی چەندین بەرهەمی **چاپکراوە.**

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

( تیشکدەر، ژێدەر، کەڵک، فرە)

زۆر:

سەرچاوە:

درەوشاوە:

سود:

## چالاکی (٢)

ڕستەکان ڕێکدەخەمەوە:

١-ڕوناکییە، سەرچاوەی.

٢- ناژین، بێ هەتاو، هیچیان.

٣- جۆر، چەند، جۆراو، هەسارەی.

٤- وەردەگرن، سود، جۆر،هەمە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

نیوە دێڕەکەی تر دەنوسم:

.....................................................

دەبەخشێتن وزەی زۆر زۆر

لە وشکانی و لەناو ئاو

...................................................

سـنور و سروشـت دوو خوشـكی لفانەبـوون، تەمەنیـان دە سـاڵان بـوو، شـێوەیان زۆر لـە یەكـتر دەچـوو، بـەڵام هەریەكەیـان هەندێـك ڕەفتـار و هەڵسـوكەوتی تایبـەت بـە خـۆی هەبـوو.


سـنور بەپێچەوانـەوەی سروشـت زۆر بایەخـی بـە پاكڕاگرتنـی جەسـتە و جلوبـەرگ و كەلوپەلەكانـی قوتابخانـەی دەدا، هەمیشـە ژورەكـەی پاكڕادەگـرت و بـە جوانـی ڕێكیدەخسـت. ڕۆژێـك سـنور و سروشـت لـە قوتابخانـە گەڕانـەوە، سـنور بـەر لـە نانخـواردن جلەكانـی گـۆڕی و دەسـتەكانی شوشـت، بـەڵام سروشـت یەكسـەر لەسـەر خوانەكـە دانیشـت.

دایـك: سروشـت پێویسـتە دەسـتەكانت بشـۆیت، چونكـە هەندێـك میكـرۆب و ڤایـرۆس هـەن بـە چـاو نابینرێن.

سروشت: بەڵام من هیچ ڕۆژێك دەستەكانم نەشوشتووە و نەخۆش نەكەوتووم، برسیمە.

سـنور هاتـە ژورەوە و گوتـی: تـۆ برسـیتە؟ ئـەی پارچەیـەك شـیرینیت لـە عارەبانەكـە نەكـڕی!

دایـك: پێشـتر ئـاگادارم نەكردنـەوە، كـە هیـچ خواردنێكـی سـەردانەپۆشراو نەكـڕن، چونكـە مێـش و مەگەزیـان لەسـەر دەنیشـێتەوە و توشـی نەخۆشـیتان دەكـەن.



سروشــت: دایــە گیــان زۆرم برســیبوو، پاشــان گوتــی قوتابخانەکەمــان گەشــتێکی بــۆ باخچــەی ئــاژەڵان ڕێکخســتووە، بەڵکــو هەندێــک خــواردن و شــیرینیمان بــۆ ئامادەبکەیــت.

دایکیــان هەرچەنــدە نیگەرانــی ڕەفتارەکانــی سروشــت بــوو، بــەڵام گوتــی: هەمــوو شــتێکتان بــۆ ئامادەدەکــەم، بــەو مەرجــەی جارێکــی تــر خواردنــی عارەبانــەکان نەکــڕن، بــۆ بەیانــی ســنور زوو لــە خــەو ڕابــوو، خــۆی بــۆ گەشــتەکە ئامادەکــرد، بــەڵام سروشــت بــاری تەندروســتی تێکچووبــوو.

دایکی گوتی: وا دیارە تۆ نەخۆشیت. دەبێت سەردانی پزیشک بکەین.

سروشت: دەمەوێت بۆ گەشتەکە بچم.

دایــک: تەندروســتیت بــاش نییــە. کاتێــک ســەردانی پزیشــکیان کــرد، پشــکنینی پێویســتی بــۆ ئەنجامــدرا.

پزیشـک گوتـی: بـە هـۆی خواردنێکـی ناتەندروستەوە ڕیخۆڵەکانـت توشـی هەوکـردن بـوون، پێوسـتە گرنگـی بـە پاکوخاوێنـی بـدەی، نابـێ فەرامۆشـی بکـەی.

سروشــت: هەســتی بــە پەشــیمانی کــرد، لــەم ڕوداوەش پەندێکــی باشــی وەرگــرت و بڕیاریــدا جارێکــی تــر ئــەو کارە دوبــارە نەکاتــەوە.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(هەڵسوکەوت، پشتگوێ خستن، ئاوسان، دوانە)

لفانە:

ڕەفتار:

فەرامۆش :

هەوکردن:

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین :

١- سنور و سروشت چی یەکتربوون؟

٢- هەردوکیان لە چیدا لەیەک دەچوون؟

٣- قوتابخانە گەشتی بۆ کوێ ئەنجامدا؟

٤- بۆچی سروشت نەچوو بۆگەشتەکە؟

٥- سروشت بە هۆی چییەوە

ڕیخۆڵەکانی توشی هەوکردن بوون؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

ئەمانە لە شوێنی گونجاو دادەنێم:

(لە، بە، بۆ، دا)

پێویستە لە هەموو کاتێک ........،

خۆمان........... دوربگرین.......... ئەوەی لە

نەخۆشی ........ دوربین.

## چالاکی (٤)

دژواتای ئەمانە دەنوسم:

| | |
|---|---|
| زیان | X |
| برسی | X |
| شیرین | X |
| دور | X |
| باش | X |

# چالاكی و ڕاهێنان

## چالاكی (٥)

وەڵامی ڕاست هەڵدەبژێرم:

١- سنور و سروشت تەمەنیان..............ساڵان بوو. (٩، ١٠، ١٢، ١١)

٢- سنور بەر لە نانخواردن ............گۆڕی. ( جلەكانی، شوێنەكەی، ژورەكەی، قاپەكەی)

٣- دەمەوێت بچم بۆ.................مكە. ( قوتابخانە، یاری، گەشت، باخچە)

٤- .............. بەچاو نابینرێت. ( مێش، پەپولە، خاڵخاڵۆكە، میكرۆب)

٥- خۆپاراستن باشترە لە ..........كردن. ( چارەسەر، نەخۆش، خواردن، فەرامۆش)

## چالاكی (٦)

ئەم دەستەواژانە بەیەكدەگەیەنم:

| | |
|---|---|
| دایك | دوو خوشكی لفانە بوون. |
| سروشت | بایەخی بە پاكڕاگرتنی جەستە و جلوبەرگ و كەلوپەلەكانی قوتابخانەی دەدا. |
| سنور و سروشت | بڕۆ دەستەكانت بشۆ. |
| سنور ڕوی كردە سروشت و گوتی | هەستی بە پەشیمانی كرد. |
| سنور | تۆ برسیتە؟ |

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

ڕێنوس :

پێویستە دەستەکانت بشۆیت، چونکە هەندێک میکرۆب و ڤایرۆس هەن بە چاو نابینرێن.

.....................................................................................

## چالاکی (٨)

جوواننوسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسمەوە:

١- دەمەوێت بۆ گەشت بچم.

.....................................................................................

.....................................................................................

٢- خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن.

.....................................................................................

.....................................................................................

دایکـی یـاد، بـۆ خوانـی بەیانـی، هەمیشـە گرنگـی بـە خواردنـە بەسـودەکان دەدات، وەک (هێلکـە، شـیر، ماسـت، پەنیـر، گوێـز و میـوەکان). پـاش ئامادەکردنـی خوانەکـە، چـوو ( یـاد ) لـە خـەو هەڵبسـتێنێت، تـا بـۆ قوتابخانـە خـۆی ئامادەبـکات. دایکـی زۆر دڵخـۆش بـوو، چونکـە یـاد گرنگـی بـە چوونـە قوتابخانـە دەدات.

یـاد : دایـە گیـان سوپاسـتدەکەم، هەمیشـە چـاوت لەوەیـە سـەرکەوتووبم و دوارۆژم ڕون بێـت، دڵخۆشـتدەکەم، گرنگـی تـەواو بـە قوتابخانـە دەدەم، ئەمـڕۆ کـە دەمبینـی زۆر دڵخۆشـم! لەبەرئەوەیـە وانـەی وەرزشـمان هەیـە، قوتابخانەکەمـان گرنگـی بـە وەرزش دەدات، ئەمـەش وایکـردووە، وانەکانمـان خۆشـبووێت.

دایک: زۆر ڕاستە. چ وەرزشێک دەکەن؟

یـاد: وەرزشـەکان هەمـە جـۆرن، مامۆسـتای وەرزش لـە گۆڕەپانـی قوتابخانەکەمـان لـە شـێوەی بازنەیـەک ڕاماندەوەسـتێنێ، پاشـان دەسـت بـە وەرزش دەکەیـن، سـەرەتا جوڵـەی دەسـت و پێیـەکان، مـل و پشـت، پاشـان چۆنیەتـی هەناسـە وەرگرتنـی قـوڵ و



دانـەوەی، دواتـر ڕاکـردن، لـە دوای ئەنجامدانـی ئـەم جـۆرە وەرزشـانە، یاریـی تۆپـی پـێ دەسـتپێدەکەین، هەندێکیـش لـە قوتابییـان یاریـی بالـە دەکـەن، هەمـوو پێکـەوە چێـژ لـە وەرزشـەکە وەردەگریـن و دڵخـۆش دەبیـن.

مامۆسـتا گوتـی: لـە بەهـاردا، پێشـبڕکێ ئەنجامدەدەیـن، لـە تۆپـی پـێ، بالـە و ڕاکـردن، سـەرەتا لـە نێـو پۆلەکانـی قوتابخانەکەمـان، پاشـان باشـترینەکان هەڵدەبژێریـن بـۆ پێشـبڕکێ لەگـەڵ قوتابخانەکانـی تر، ئەمـەش ئێمـەی زۆر دڵخۆشـکرد.

هـەمیشە مامـۆستای وەرزش دەیگوت: وەرزش بۆ تەندروستیمان باشە و لە نەخۆشی دەمانپارێزێت، ئاسودەییمان پێدەبەخشێت.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(ئاوات، وەڕس، فڕاقین)

خوانی بەیانی :

بێزار :

هیوا :

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین :

١- دایکی یاد گرنگی بە چ خواردنێک دەدات؟

٢- بۆچی یاد دڵخۆشبوو؟

٣- قوتابییەکان لە چ شوێنێکی قوتابخانە وەرزش دەکەن؟

٤- گرنگیی وەرزش لە چیدایە؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

هێمای(؟- ، - !- . )ی گونجاو بۆ ئەمانەی خوارەوە

دادەنێنم:

١- یاد گرنگی بە چوونە قوتابخانە دەدات

٢- ئەمڕۆ کە دەمبینی زۆر دڵخۆشم

٣- چ وەرزشێک دەکەن

٤- مامۆستا گوتی: لە بەهاردا، پێشبڕکێ

ئەنجامدەدەین

## چالاکی (٤)

دژواتاکان بەیەکدەگەیەنم:

| | |
|---|---|
| دڵتەنگ | ساغ |
| هەمیشە | گشت |
| تایبەت | ئاسودە |
| نەخۆش | هەرگیز |
| بێزار | دڵخۆش |

# چالاكى و ڕاهێنان

## چالاكی (٥)

پیتەكان بەگوێرەی ژمارەی داواكراو لێكدەدەم و دەنوسم:

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ش | پ | ک | وو | گ | ژ | ه | م | ت |

| ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ | ١٦ | ١٧ | ١٨ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ی | ڤ | ێ | و | س | د | ا | ۆ | ر |

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ١٠ | ١٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | ١٦ | ١٤ | ٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | ١٦ | ١٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣ | ٧ | ١٨ | ٦ | ١ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | ٧ | ١٨ | ٣ | ٧ | ١٣ | ٩ | ٤ |

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٦)

لەناو خشتەکەدا پێنج وشەی تەواو دەدۆزمەوە:

١-..................................................

٢-..................................................

٣-..................................................

٤-..................................................

٥-..................................................

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| د | ز | ا | ی | ت | م | پ | س | ۆ |
| و | ق | خ | ا | ب | ت | ه | ن | ژ |
| ۆ | ر | گ | پ | ه | ن | ا | س | ڵ |
| ا | د | م | س | ۆ | ا | م | ت | ڤ |
| ڕ | گ | ه | و | ش | ی | ز | م | ت |

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

ڕێنوس :

یاد: دایە گیان سوپاستدەکەم، هەمیشە چاوت لەوەیە سەرکەوتووبم و دواڕۆژم  ڕون بێت،

دڵخۆشتدەکەم، گرنگی تەواو بە قوتابخانە دەدەم.

....................................................................................................

....................................................................................................

....................................................................................................

....................................................................................................

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٨)

جوانووسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنووسەوە:

١- یاد گرنگی بە چوونە قوتابخانە دەدات.

.....................................................................................

.....................................................................................

٢- وەرزش بۆ تەندروستیمان باشە.

.....................................................................................

.....................................................................................

# چالاکی هزری



## یەکەی سێیەم

# چـیـرۆک

یەکەم: دوو هاوڕێ

دووەم: وتەی درەخت (ئۆپەرێت)

سێیەم: لێبوردن

چوارەم: مراوییە گەورەکە

# دوو هاوڕێ

ئاسۆ و ئاکۆ دوو هاوڕێ بوون، زۆربەی کاتەکانیان لەگەڵ یەکتردا بەسەردەبرد، بڕیاریاندا ڕۆژێک لەکاتی پشودا بچنە دارستان بۆ بینینی ئاژەڵە کێوییەکان، کاتێک بەیەکەوە بە ناو دارستانەکەدا دەڕۆیشتن، لەپڕ توشیان بوو بەتوشی ورچێکەوە.

ئاسۆ: خێرا بە دارێکی بەرزدا هەڵگەڕا و خۆی شاردەوە.

ئاکۆ: بەتەنها مایەوە و نەیدەزانی چیبکات، لەپڕ بیری کردەوە، کە ورچ گۆشتی مردو ناخوات! بۆیە خۆی بەزەویدا دا، وەک مردو هەناسەی لەخۆی بڕی.



کاتێک ورچەکە لێی نزیکبووە و دەستیکرد بە بۆنکردنی.

ئاکۆ: خۆی والێکردبوو ورچەکە وایزانی مردووە، وازی لێهێنا و ڕۆیشت.

دوای دورکەوتنەوەی ورچەکە ئاسۆ بە هێواشی لە دارەکە هاتە خوارێ و بەپێکەنینەوە گوتی: هاوڕێکەم تۆ باشیت؟ چۆن بوو ورچەکە نەیخواردیت؟ کەلێت نزیکبووەو چی بە گوێتدا چرپاند؟

ئاکۆ گوتی: ورچەکە پێیگوتم باشترین هاوڕێ ئەوانەن لەکاتی تەنگانەدا هاوڕێکانیان بەجێناهێڵن!

ئاسۆ: هەستیکرد کە کارێکی باشی نەکردووە، بۆیە داوای لێبوردنی لە ئاکۆ کرد و بەدڵخۆشییەوە گەڕانەوە.



# چالاكی و ڕاهێنان

## چالاكی (١)

هاوواتاكان له شوێنی گونجاو دەنوسم:

(بەپەلە، پستەپست، سەركەوت، لەسەرخۆ)

هەڵگەڕا:

چرپە:

خێرا :

هێواش:

## چالاكی (٢)

گفتوگۆدەكەین :

١- ئاكۆ و ئاسۆ لەبەرچی چوونە ناو دارستانەكە؟

٢- لەناو دارستانەكە توشی چیبوون؟

٣- ئاسۆ له كوێ خۆی حەشاردا؟

٤- ئاكۆ لەبەرچی خۆی بە زەویدا دا؟

٥- دەبێت لەكاتی تەنگانەدا هاوڕێكەت بەتەنها بەجێبهێڵی؟

# چالاكی و ڕاهێنان

## چالاكی (٣)

كورد+ ایەتی = كوردایەتی

ئەم وشانە وەک نمونەی سەرەوە لێكدەدەم:

بەرز + ی = ........................

چـاک + ە = ......................

پیاو + ەتی = ......................

پرس + ە = ..................

دۆست + ایەتی =.....................

نـاڵ + ە = .......................

## چالاكی (٤)

دژواتاكان بەیەكدەگەیەنم:

| | |
|---|---|
| هێواش | خراپ |
| هەڵگەڕا | گریان |
| پێكەنین | نزم |
| باش | خێرا |
| بەرز | دابەزی |

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

**وەڵامی ڕاست هەڵدەبژێرم:**

١- ئاسۆ و ئاکۆ دوو ........ بوون.

ئـ- برا ب- هاوڕێ پ- خزم ت-قوتابی

٢- لەپڕ توشیان بوو بەتوشی .......ێکەوە.

ئـ-شێر ب- ڕێوی پ- ورچ ت- گورگ

٣- ئاسۆ..........بە دارێکی بەرزدا هەڵگەڕاو خۆی شاردەوە.

ئـ- خێرا ب- هێواش پ-وردورد ت-لەسەرخۆ

٤- .......... خۆی والێکردبوو ورچەکە وایزانی مردووە.

ئـ- ئاسۆ ب- ئارام پ- ئازاد ت- ئاکۆ

٥- باشترین هاوڕێ ئەوانەن لەکاتی ......دا هاوڕێکانیان بەجێناهێڵن.

ئـ- خۆشی ب- سەیران پ-تەنگانە ت- یاری

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٦)

ڕستە گونجاوەکان بە یەکتر دەگەیەنم:

| بەشی یەکەم | بەشی دووەم |
|---|---|
| - ئاسۆ و ئاکۆ دوو هاوڕێ بوون | - لە کاتی تەنگانەدا هاوڕێکانیان بەجێدەهێڵن. |
| - ئاکۆ خۆی وا لێکردبوو ورچەکە | - داوای لێبوردنی لە ئاکۆکرد. |
| - دوای دورکەوتنەوەی ورچەکە | - زۆربەی کاتەکانیان لەگەڵ یەکتر بەسەردەبرد. |
| - خراپترین کەس ئەوانـــەن | - ئاسۆ بەهێواشی لە دارەکە هاتە خواری. |
| - ئاسۆ هەستیکرد کارێکی باشی ئەنجام نەداوە بۆیە | - وایزانی مردووە، وازی لێهێنا و ڕۆیشت. |

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

ڕێنوس :

دوای دورکەوتنەوەی ورچەکە ئاسۆ بەهێواشی لە دارەکە هاتە خوارێ و بەپێکەنینەوە گوتی:

هاوڕێکەم تۆ باشیت؟ چۆن بوو ورچەکە نەیخواردیت؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٨)

جواننوسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسمەوە:

١- لەپڕ توشیان بوو بەتوشی ورچێکەوە.

........................................................................................................

........................................................................................................

٢-باشترین هاوڕێ ئەوانەن لەکاتی تەنگانەدا هاوڕێکانیان بەجێناهێڵن!

........................................................................................................

........................................................................................................

## وتەی درەخت

وتەی درەخت

درەختی گەش و جوانم
دیاری شانۆی ژیانم
حەز دەکەم بتاندوێنم
خۆمتان پێبناسێنم
کە لە ماڵ و شار و دێم
چیم و لە چەند بەش پیکدێم
گوێ بگرن هاورێکانم
لە خۆم و بەشەکانم

ڕەگ

من ڕەگم زۆر بەهێزم
درەخت دەپارێزم
قەدم ڕاگرتووە لە خاک
دەنێرم ئاو و خۆراک

قەد

من قەدم خۆراگرم
لق و گەڵا ڕادەگرم
خواردنیشیان بۆ دەبەم
دەیانپارێزم هەردەم

لق

من لقم پەرش و واڵام
پڕ لە میوە و گەڵام

گوڵ

من گوڵی گەش و جوانم
نەوەی نوێ دێنمە ژیان
منیش هەناسە دەدەم
هەوای پاک دروستدەکەم

(م. کازم کۆیی)

شاعیر ناوی(کاظم عبداللە توفیق)ە، لە ساڵی(١٩٥٧ز) لە شارۆچکەی کۆیە لە دایکبووە، خاوەنی چەندین بەرهەمی چاپکراوە.

# چالاكی و ڕاهێنان

## چالاكی (١)

هاوواتاكان لە شوێنی گونجاو دەنووسم:

(ڕوان، ئاخاوتن، بڵاو)

دواندن:

پەرش:

چاند:

## چالاكی (٢)

گفتوگۆدەكەین:

١- سوودەكانی ڕەگ چییە؟

٢- گرنگی قەد بۆ لق باسبكە؟

٣- گوڵ چیگوت؟

٤- سوودی درەخت بۆ ژینگە چییە؟

٥- ئایا پێویستە لە قوتابخانە باخچە هەبێت؟

## چالاكی (٣)

نیوە دێڕەكەی تر دەنووسم:

١-.................................................. چیم و لە چەند بەش پێكدێم.

٢- منیش هەناسە دەدەم. ..........................................

مالی بێواری ژیکەلانە لە گوندێکی زۆر جوانە، قوتابییە، نمرەی باش بەدەست دەهێنێ، ڕۆژێک خوێندنی زۆری هەبوو، ئارەزوی لە یاریکردن بوو، بەلام نەیدەزانی چیبکات، کاتێک چوو بۆ یاریکردن، خوێندنەکەی لەبیرکرد.

شەو بەبیری هاتەوە، خوێندنەکەی زۆرە و تەواو نابێ، بڕیاریدا وانەکان جێبەجێبکات، بۆیە کەمێکی نوسی، بەلام زۆر بەناڕێکی، چونکە خەو دایگرتبوو، توانای خوێندنی نەمابوو، پاشان خەوی لێکەوت، تاوەکو ڕۆژهەلات. بەیانی کاتی نان خواردن نیگەران و خەمباری خوێندنەکەی بوو.

دایکی گوتی: ڕۆلەکەم بۆ ئاوا خەمباریت؟ خۆ هیچ نەبووە؟

بێوار گوتی: هەلەیەکی گەورەم کرد، وانەکانم نەخوێندووە، زۆر دلتەنگم دایە گیان دواکەوتم لە وانەکان.

دایکی گوتی: بۆچی وات بەسەر هات؟

کاتەکانت دابەشنەکردووە؟



بێوار: کاتەکانم دابەشکردووە، بەڵام تازە تێپەڕی...! لێم ببورە دایە گیان، دەچمە لای مامۆستاکان، داوای لێبوردنیان لێدەکەم، هەرچۆنێک بێت چارەی دەکەم.

کاتێک چووە قوتابخانە، خێرا چووە لای مامۆستاکان، بەشێوەیەکی جوان بۆی باسکردن بۆیە مامۆستاکان لە وانەکانی خۆیان ئامۆژگارییان کرد و لێی خۆشبوون، بەمەرجێک جارێکی تر دوبارەی نەکاتەوە.

بێوار: ئامۆژگاری مامۆستاکانی وەرگرت و سوپاسیکردن، پاشان کە گەڕایەوە، بۆ دایکی باسکرد.

دایکیشی گوتی: ڕۆڵەکەم لە مێژە گوتویانە (کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەی).

بێوار: بەسەرچاو دایە گیان.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنووسم:

(دڵتەنگ، خنجیلانە، پەرێشان، ڕێنمایی، خەوەکوتکە)

ژیکەڵانە:

خەودایگرتبوو:

خەمبار:

نیگەران:

ئامۆژگاری:

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین :

١- بێوار چ کارێکی زۆری هەبوو؟

٢- بۆچی وانەکانی بە نارێکی نوسی؟

٣- هەر مامۆستایەک لە وانەکەیدا چیکرد؟

٤- وانە نەخوێندنەکەی بێوار بووە هۆی چی؟

٥- پێشینان لەبارەی کارەوە چییان گوتووە؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

هات + و + چۆ = هاتوچۆ

ئەم وشانە وەک نمونەی سەرەوە لێدەکەم:

گوڵ + ە + گەنم =

مانگ + ە + شەو =

پیر + ە + مێرد =

ڕێک + و + پێک =

گفت + و + گۆ =

## چالاکی (٤)

ئەم وشانەی خوارەوە لە خشتەکە

دەدۆزمەوە و ڕەنگیاندەکەم:

(سوپاس، نان، وانە، دڵخۆش، ڕۆژی، بێوار،

خوێندن، پەرۆش)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| د | ک | س | و | ا | نـ | ه | ر |
| ڵ | خـ | و | ێـ | نـ | د | ن | ا |
| خـ | ن | پ | ه | ر | ۆ | ش | و |
| ۆ | ا | ا | و | ا | ن | ه | ی |
| ش | نـ | س | ڕ | ۆ | ژ | ی | ب |

## چالاكی (٥)

لەمانەی خوارەوە ڕستە دروستدەكەم:

(دایكی، وانە، كردووە، مامۆستاكان، دابەشنەكردووە، وات، بەسەر، هات، خێرا، لای، چووە، بە، جوان، شێوەیەكی، بێوار، باسكردن، بۆچی، بۆی، هەڵەیەكی گەورەم، كاتەكانت، گوتی)

١- ..................................................

٢- ..................................................

٣- ..................................................

# چالاكی و ڕاهێنان

## چالاكی (٦)

ڕێنوس :

ماڵی بێواری ژیكەڵانە لە گوندێكی زۆر جوانە، قوتابییە، نمرەی باش بەدەست دێنێ.

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

جوانووسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنووسمەوە:

١-بێوار کاتەکانم دابەشکردبوو، بەڵام تازە تێپەری.

..........................................................................................

..........................................................................................

٢-بێوار ئامۆژگاری مامۆستاکانی وەرگرت و سوپاسیکردن.

..........................................................................................

..........................................................................................



# قوتابیی ژیر

## چالاکی (٨)

داڕشـــتن:

وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەمەوە و بە شێوەی داڕشتن دەیانوسمەوە:

١- ناوت چییە؟

٢-لە قوتابخانە لە کاتی پشودا چی دەکەیت؟

٣-کەی ئەرکەکانی قوتابخانە جێبەجێ دەکەیت؟

٤-کەی کاتی یاریکردنتە؟

٥-ئەگەر ئەرکەکەت جێبەجێ نەکردبوو، چی بە مامۆستا دەڵێی؟

٦-ئایا ئامۆژگاری تەنها لە دایبابت وەردەگری؟

.................................................................................................

.................................................................................................

.................................................................................................

.................................................................................................

# مراوییە گەورەکە

جوتێک کۆتر هاوڕێی مراوییەکی گەورە بوون، مراوییەکە لەناو گۆماوێکدا دەژیا، هەرچەندە دوو کۆترەکە مەلەیان نەدەزانی و مراوییەکەش وەکو ئەوان نەیدەتوانی بفڕێت.

زستانی ئەو ساڵە کەم باران بوو، بۆیە ئاوی گۆماوەکە لە هاویندا تا دەهات ڕوی لە کەمی و نەمان بوو، ناچار دوو کۆترەکە کۆچیان کرد، مراوییەکە بە تەنیا مایەوە. لە ڕاستیدا ئەویش بە دەست خۆی نەبوو، دەنا هەر زوو کۆچی دەکرد و لەگەڵ هاوڕێکانی دەڕۆیشت لەبەرئەوەی زۆر قەڵەو ببوو. باڵەکانیشی بۆ فڕین بەکارنەدەهێنا و لارەلار بە لاقەکانی لەسەر زەوی ڕێیدەکرد.

لەبەرئەوە خەم و پەژارە دایگرتبوو نەیدەزانی



چیبکا. دەیگوت: چیبکەم؟ ئاوی گۆماوەکە تا دێت کەم دەبێت، بۆن و بەرامەی بۆگەن بووە، باڵندەکان ئێرەیان چۆڵکرد، هەردوو کۆترەکەی هاوڕێم ڕۆیشتن و من بە تەنیا مامەوە، دەترسم دڕندەیەک بمخوات.

لەم بیرکردنەوەدا بوو، لەقلەق بە ئەسپایی لە تەنیشتیدا نیشتەوە و لە مراوییەکەی پرسی: ئەوە چۆن لێرەخۆت دەگریت؟ مەگەر دوو باڵی جوانت پێوە نییە؟

مراوییەکەش بە کزۆڵییەوە گوتی: ڕاستدەکەی لەقلەقی هاوڕێم، بەڵام قەڵەوی بێباڵیان کردوم.

لەقلەق بەبڕوا بە خۆبوونەوە گوتی: ئەگەر هەروا بمێنیتەوە، نەشخورێیت، لە تینوان و لە برسان مردار دەبیتەوە.

مراوییەکە گوتی: لەقلەقی دڵسۆز، ڕێگاچارەیەکم بۆ دابنێ.

لەقلەق ملی بادا و لەسەر لا سەیرێکی کرد و گوتی: تا زووە کەڵک لەو تۆزە ئاوە وەربگرە، هەموو ڕۆژێک بەیانی و ئێوارە بچۆرە سەر ئەو بەرزاییە و باڵ بەیەکدا بدە و بفڕە سەر ئاوەکە، مەترسە سنگت ناشکێت و چەوری لەشیشت کەمدەبێتەوە.

مراوییەکە سەرکەوتە سەر بەرزاییەکە و خۆی تاقیکردەوە، ئەم کارەی زۆر بەلاوە خۆشبوو، بۆیە بەردەوام ڕاهێنانی دەکرد، لە ماوەیەکی کورتدا توانی باڵەکانی بۆ فڕینی دور بەکاربهێنێت.

بەم جۆرە هەر جێگایەکی بویستایە بۆی دەڕۆیشت، لە دەستی تینویەتی و برسییەتی و گەرما ڕزگاری بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جارجارەش سەردانی واری دێرینی دەکرد و بەسەری دەکردەوە.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(خەم و خەفەت، نیشتیمان، تامەزرۆ،

بەدڵتەنگییەوە)

پەژارە:

بە کزۆڵییەوە :

پەرۆش:

وار :

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین:

١-مراوییەکە لە کوێ دەژیا؟

٢-لەبەرچی مراوییەکە نەیتوانی لەگەڵ کۆترەکاندا کۆچ بکات؟

٣-بۆچی ئاوی گۆماوەکە لە هاویندا ڕوی لەکەمی و نەمان بوو؟

٤-ئامۆژگارییەکانی لەقلەق بۆ مراوییەکە چیبوون؟

٥-ئایا مراوییەکە لە کۆتاییدا توانی بفڕێت؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

دابخـــە   دامەخـە

ئەم وشانەی خوارەوە وەک نموونەی سەرەوە لێدەکەم:

وەربـگرە ........................

بفـــڕە ........................

بترسـە ........................

دابنێ ........................

بشکێنە ........................

## چالاکی (٤)

دژواتاکان بەیەکدەگەیەنم:


| | |
|---|---|
| قەڵــەو | نوێ |
| نـزیک | حەساوە |
| ماندو | برسی |
| تێـــر | لاواز |
| دێـرین | دور |

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

بۆ هەر یەکێک لەم پیتانەی خوارەوە سێ

وشە دەنوسم کە لە دەقەکەدا هاتوون:



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٦)

ڕێنوس :

زستانی ئەو ساڵە کەم باران بوو، بۆیە ئاوی گۆماوەکە لە هاویندا تا دەهات ڕوی لە کەمی و نەمان بوو، ناچار دوو کۆترەکە کۆچیان کرد، مراوییەکە بە تەنیا مایەوە.

.................................................................................................

.................................................................................................

.................................................................................................

.................................................................................................

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

جوانووسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسمەوە:

١- جوتێک کۆتر هاوڕێی مراوییەکی گەورە بوون.

..........................................................................................

..........................................................................................

٢- جارجارەش ســـــەردانی واری دێرینی دەکرد و بەســـــــەری دەکردەوە.

..........................................................................................

..........................................................................................

# ناوەڕۆك


بابەتەكان ... ژ. لاپەڕە

پێشەكی ........................................ ٤

نەخشەی كتێب ........................................ ٥ – ٧

شیعر( زەنگ) ........................................ ٨

یەكەی یەكەم( نیشتیمان) ........................................ ٩

خۆشەویستی نیشتیمان ........................................ ١٠ – ١٥

شیعر ( زمانی كوردی) ........................................ ١٦ – ١٨

چالاكی هزری ........................................ ١٩

وێنەیەك لە سروشت ........................................ ٢٠ – ٢٧

من نیشتیمانی ئ ........................................ ٢٨- ٣٤

یەكەی دووەم ( تەندروستی) ........................................ ٣٥

كوتان ........................................ ٣٦ – ٤٢

شیعر( تیشكی خۆر) ........................................ ٤٣ – ٤٥

پاكوخاوێنی ........................................ ٤٦ – ٥١

وەرزش ........................................ ٥٢ – ٥٩

چالاكی هزری ........................................ ٦٠

یەكەی سێیەم ( چیرۆك) ........................................ ٦١

دوو هاوڕێ ........................................ ٦٢ – ٦٩

ئۆپەریت ( درەخت) ........................................ ٧٠ – ٧١

لێبوردن ........................................ ٧٢- ٧٩

مراوییە گەورەكە ........................................ ٨٠- ٨٦

ناوەڕۆك ........................................ ٨٧ - ٨٨